https://doi.org/10.54809/jkss.vi1.207
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# تێگەشتن لە دیاردەی توندوتیژیی خێزانیی، لە روانگەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە
# توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

م. کاروان عەلی شامار
بەشی کوردی، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Karwan.shamar@univsul.edu.iq

پ. حسێن ئسماعیل عەلی
بەشی دەروونناسی، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق
husen.ismailali@garmian.edu.krd

## پوختە

توندوتیژیی بابەتێکی گرنگیی نێو زانستە مرۆڤایەتییەکانە، هەر لەسەرەتای بوونیادنانی زانستی کۆمەڵناسیی و لەلایەن بەشێکی زۆر لە شارەزایانی ئەو زانستە تا ئێستا لێکۆڵینەوە لە دیاردەی توندوتیژیی کراوە. توندوتیژیی خێزانییش دیاردەیەکی بەربڵاوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە جیاوازەکان و کەم کۆمەڵگە هەیە کە ئەم دیاردەیەی تێدا نەبێت. زانا کۆمەڵناسەکان لە چوارچێوەی توێژینەوەکانیاندا هەوڵیانداوە هۆکارەکانی توندوتیژیی خێزانیی دەستنیشانبکەن، لەوانە بەشێکیان پێیانوایە کە توندوتیژیی بەهۆکاری سیاسیی، کلتووریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی ی هەتا دەگات بە هۆکانی راگەیاندن و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا روودەدات. لەم توێژینەوەیەدا تیشکخراوەتە سەر شەش روانگەی تیۆریی سەبارەت بە دیاردەی توندوتیژیی خێزانیی کە بریتین لە تیۆری بوونیادی وەزیفیی ی، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی ی، کارلێکی هێمایی، ململانێ، هۆکاری ئابووریی و کلتووریی، لەگەڵ لێکدانەوەی روانگەی ئەم تیۆرانە لەبارەی توندوتیژیی خێزانییەوە، توێژەر هەوڵیداوە ئاماژە بەگرنگترین ئەو تیۆر و کۆمەڵناسانە بکات کە جێ دەستیان لەم بوارەدا دیار و بەرجەستەیە و، هەوڵیداوە ئاماژە بە جیاوازی بۆچوونی پێشەنگ و زاناکانی تیۆرەکان بکات و دواتر دەرەنجامەکانی بخاتەڕوو.

**کلیلە وشەکان: توندوتیژیی خێزانیی – خێزان – تیۆری کۆمەڵایەتیی**

Recieved: 6/9/2022
Accepted: 18/10/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی:

بەهۆی ئەو ململانێ سیاسیی و تەنگەژە ئابووریی و کۆمەڵایەتیانەی کە لەم دواییانەدا سەریانهەڵداوە و زیادیان کردووە، زانستی کۆمەڵناسیی بایەخێکی زۆر داوە بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە دیاردەی توندوتیژیی لە توێژینەوە ئەکادیمیە جیهانییەکاندا، هەریەک لەو توێژینەوانەش هەوڵیانداوە شیکردنەوەی زانستیی ئەنجام بدەن بۆ زیاتر تێگەیشتن لە هۆکار و جۆرەکانی ئەم دیاردە جیهانییە، ئەو توێژینەوانەش وایانکردووە کە تیۆری جۆراوجۆر بێتە ئاراوە و بەکاربهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی لەو دیاردەیە (Hartmann, ٢٠١٧:٨١). تیۆریستە کۆمەڵایەتیی یەکان جیاواز لە یەکتر راڤەی توندوتیژیی دەکەن، لەسەرەتاوە لە روانگەی بایۆلۆجییەوە زیاتر خوێندنەوە بۆ دیاردەی توندوتیژیی دەکرا، پێیان وابووە کە پێکهاتەی بایۆلۆجیی مرۆڤ وا دەکات پەنا بۆ توندوتیژیی ببات (حسن، ٢٠٠١: ٣٦٠). دواتر تیۆری رەفتاریی و شیکاری دەروونیی سەریهەڵدا و زانایانی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مرۆڤ غەریزەی هەمەجۆری هەیە و ئەوان دەبنە پاڵنەر بۆ شەڕانگێزی و توندوتیژی (مليكة، ٢٠٢٠: ٦٨).

پاشان تیۆرە کۆمەڵایەتیی یەکان سەریانهەڵدا و ئەمانیش دیاردەی توندوتیژییان گەڕاندەوە بۆ ئەو گرفتە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی یانەی کە لە کۆمەڵگەدا رووبەڕووی تاک دەبێتەوە (وناسي، ٢٠١٧: ٨٣). بوونی ئەم تیۆرە جیاوازانە وا دەکات کە کۆمەڵناسەکان گرنگیی و بایەخی زیاتر بەم دیاردەیە بدەن و هەریەک لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات (kaufman, ٢٠١٤).

١. چوارچێوەکاریی توێژینەوەکە:

خاڵی دەستپێکی هەر توێژینەوەیەکی زانستیی بریتییە لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە، جا لەبەر ئەوە کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بەم پرسیارە دەست پێدەکات کە (ئایا تیۆرەکانی کۆمەڵناسیی تا چەند دەتوانرێت جێبەجێبکرێن لە شیکردنەوەی دیاردەی توندوتیژیی خێزانییتدا؟). هەموو توێژینەوەیەک گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکان دەبنە هۆی کەڵەکەبوونی زیاتری زانیاری و مەعریفەی زانستی لە بوارەکانی خۆیاندا. (ئەم توێژینەوەیەش بە پشتبەستن بە کۆمەڵە سەرچاوەیەکی زانستیی بەشدارە لە بونیادنانی بناغەیەکی پڕ لە زانیاریی و خستنەڕووی دیدی گرنگترین تیۆرە کۆمەڵایەتیی یەکانی تایبەت بە دیاردەی توندوتیژیی خێزانیی، سەرباری ئەوەش دەبێتە پاشخانێکی زانستیی بۆ ئەو توێژینەوانەی کە دواتر لەسەر ئەم دیاردەیە توێژینەوەی تر بەجێبهێنن).

ئامانج لە توێژیینەوەکە بریتییە لەو نیشانە و مەبەستەی کە توێژەر لە سەرەتای توێژینەوەکەیەوە لەبەرچاوی دەگرێت و بەرەو گەیشتن بەو مەبەستەش هەنگاو دەنێت، ونکردنی ئامانج مانای تێکچوونی توێژینەوەکە و سەرنەکەوتنیەتی. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە (لە زانیین و خستنەڕووی روانگەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسیی سەبارەت بە شیکردنەوەی دیاردەی توندوتیژیی خێزانیی و بەراوردکردنی بۆچوونەکانیان).

٢. پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

چەمک بریتییە لەو زاراوە و دەستەواژە سەرەکیی و بنچینەییە کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بە زۆری بەکاریان دێنێت و تەوەری سەرەکی لێکدانەوەکانین، جگە لەوانەی کە راستەوخۆ لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتوون ئەو زاراوانەش دەگرێتەوە کە نزیک و راستەوخۆ پێوەندیی یان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە. لەم سۆنگەیەوە ئەوەی بە پێویست دەزانرێ لەم توێژینەوەیەدا هەندێک چەمکی سەرەکیی دیاریدەکەین و، پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە توێژینەوەکەمانەوە هەیە، وەک (توندوتیژیی خێزانیی، خێزان، تیۆری کۆمەڵایەتیی ی)

- توندوتیژیی خێزانیی: بریتییە لە ژمارەیەکی بەرچاو لە کارلێکی نەرێنیی ی لە نێوان ئەندامانی یەک خێزان رووەدات بۆ نموونە لەنێوان ژن و مێرد یان دایک و باوک بۆ منداڵ یان بە ساڵاچووان، جا بەشێوەی جەستەیی بێت یان سێکسیی یان پشتگوێخستن و مامەڵەکردن لەگەڵیان بەشێوەیەکی زبر و نا تەندرووست (معتوق، ٢٠١٢: ٢٤).

یاخود بریتییە لە هەموو ئەو توندوتیژییە جەستەیی و دەروونیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی یانەی کە لەناو خێزانێکدا ئەنجام دەدرێت لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی ئەو خێزانە بەرامبەر بە ئەندامێکی دیکە (أبو مصلح، ٢٠١٠: ٥٤).

-پێناسەی رێکاریی: هەرچی سەبارەت بە توندوتیژیی خێزانییە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو رەفتار و بارودۆخانەی کە لە چوارچێوەی خێزاندا رووبەڕووی یەکێک لە ئەندامانی خێزان دەبێتەوە و دەبێتە هۆی ئازارپێگەیاندنی لە رووی جەستەیی و دەروونییەوە لە روانگەی تیۆرە کۆمەڵایەتیی یەکانەوە.

- خێزان: زانایانی کۆمەڵناسیی بەشێوەی جیاواز پێناسەی خێزان دەکەن و وەك یەکەیەکی بوونیادی ئەیناسێنن کە لە ژن و پیاوێك پێکدێت، کە چەند پێوەندیی یەکی رۆحیی توندوتۆل بە منداڵ و خزمەکانیانەوە دەبەستێتەوە. هەروەها پێشیان وایە خێزان بریتییە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی ی و ئامڕازێکی نافەرمییە بۆ جڵەوکردنی تاکەکانی، لە ژن و پیاوێک یان لەگەڵ منداڵەکانیان پێکدێت، کە لەڕووی داب و نەریتی کۆمەڵگە و یاسا و ئایینیەوە دانپێدانراوە، پێوەندیی ەکی تارادەیەک هەمیشەیی پێکەوەیان کۆدەکاتەوە (عومەر، ٢٠٠٧: ١٧).

پێناسەی رێکاریی: هەرچی سەبارەت بە خێزانە لەم توێژینەوەیەدا هەموو ئەو خێزانانە دەگرێتەوە کە دیاردەی توندوتیژییان تێدا بەجێدەهێنرێت.

- تیۆری کۆمەڵایەتیی ی: بریتییە لە کۆمەڵە چەمکێکی پەیوەست بە شێوەیەکی گونجاو کە بابەتەکانی گرنگیی ی دەدەن بە شیکردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ی دیاریکراو کە تێبینیدەکرێت بەشێوەیەکی رێکخراو (زێباری، ٢٠١٢: ١٦).

بەڵام هەریەک لە (کلاسیر) و (شتراوس) وایدەبینن کە تیۆری کۆمەڵایەتیی ی تەنیا ستراتیجێتیی لێکۆڵینەوە و نموونەی چەمکەکانە کە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتیی ی (عمر، ١٩٩٧: ١٩).

پێناسەی رێکاریی: مەبەست لە تیۆر لەم توێژینەوەیەدا، گرنگترین ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتیی یانە دەگرێتەوە کە باس لە دیاردەی توندوتیژیی خێزان دەکەن و هەریەکەیان بەشێوەی جیاواز شیکردنەوەی بۆ دەکەن.

دیاردەی توندوتیژیی خێزانیی ئەگەر لە روانگەی یەک تیۆرەوە شیکاریی بۆ بکرێت، ئەوا توێژینەوەیەکی ورد و

زانستیی نابێ، بۆیە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە شەش تیۆری سەرەکی کراوە کە کاریگەریان هەیە لە شیکردنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی و توندوتیژیی خێزانییدا، لەگەڵ ئاماژەدان بە روانگەی گرنگترین ئەو کۆمەڵناسانەی کە لە چوارچێوەی ئەم تیۆرانە جێ دەستیان دیارە. لە بەشەکانی داهاتوودا گرنگترینی ئەو تیۆرییانە باسئەکرێن کە وەک روانگەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە توندوتیژیی خێزانیی دائەنرێن:

١.تیۆری بوونیادی وەزیفیی:

تیۆری بوونیادی وەزیفیی ی پێیوایە کە بوونیادی کۆمەڵایەتیی ی بریتییە لە رێکخستنێکی گشتیی پتەو و تۆکمە کە پێوەندیی ی ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا هەیە و، هەریەکە رۆڵ و پێگەی خۆی هەیە و بەهۆی وەزیفەکانیانەوە ئەرکی بەردەوامبوونی کۆی بوونیادی گرووپەکانی کۆمەڵگە دەگرنەئەستۆ و بەردەوامیی پێدەبەخشن، واتە هەر گرووپێک لە کۆمەڵگادا خاوەنی بوونیاد و وەزیفەی خۆیەتی سەرەنجام هاوسەنگیی ی لە ناوەرۆکی بوونیادەکەدا دێنێتە بەرهەم، لە روانگەی ئەم تیۆرە کۆمەڵگە بریتییە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی پێکهاتوو لە چەند یەکە و بەشێکی هاوبەند، هەریەک لەو یەکانە لە رێگەی رۆڵ و ئەرکی تایبەتەوە بەشداریدەکات لەکۆی بوونیادی کۆمەڵگە، هەربۆیە لە سیستەمێکی هاوسەنگ و پێکەوە هاوبەندا، هەموو بەشەکانی سیستەمەکە بەشدارن لە هاوسەنگیی ی و سەقامگیریی کۆی سیستەم و کۆمەڵگە (Macionis, ٢٠٠١: ١٥-١٦).

وەزیفیی یەکان پێیانوایە هەر بەشێک لە بەشەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی ی رۆڵی دیاریکراوی خۆی و کاریگەریی ئەرێنیی ی و نەرێنیی ی لەسەر کۆی سیستەمەکە هەیە، هەربۆیە کاتێک هەر بەشێک توشی شکست یاخود گرفت دەبێت و ناتوانێت ئەرکی وەزیفیی خۆی بەباشی جێبەجێبکات و دەبێتە هۆی درووستبوونی گرفت بۆ کۆی سیستەمەکە، کاتێک شکستی بەشەکانی ئەدای وەزیفیی خۆیان زیاد دەکات و لەم کاتەدا گرفتە کۆمەڵایەتیی یەکان لەناو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن، جێبەجێ نەکردنی ئەرکی وەزیفیی لەلایەن هەر بەشێکەوە کاریگەری نەرێنیی لەسەر بەشەکانی تریش دەبێت، هەربۆیە ئەم ململانێیە لەنێوان بەشەکاندا هەڕەشەیە بۆ سەر هاوبەندیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی ی لە کۆمەڵگەدا. کەواتە تیۆری وەزیفیی پێیوایە بۆ تێگەیشتن لە گرفتە کۆمەڵایەتیی یەکان لە نێویاندا توندوتیژیی، دەبێت لە سەرەتادا خوێندنەوە بکرێت بۆ هەر یەکێک لە یەکە و بەشەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتیی یەکە و ئەرک و رۆڵی هەریەکەیان و شێوازی کارلێک و کاریگەرییان لەسەر یەکتر لەلایەک و لەسەر کۆی سیستەمە کۆمەڵایەتیی یەکە لەلایەکی ترەوە، هەربۆیە بۆ لێکۆڵینەوە لە پاڵنەرەکانی دیاردەی توندوتیژیی خێزانیی لە روانگەی تیۆری بوونیادی وەزیفیی یەوە دەبێت ئاماژە بە پاڵنەرە ناوخۆیی دەرەکییەکان بکەین (Finsterbusch, ٢٠٠٨: ٨).

پێشەنگ و دانەرەکانی ئەم تیۆرە هەریەک لە کۆمەڵناسیی ئەمریکایی (Robert king Merton) (١٩١٩- ٢٠٠٣) و (Talcott Parsons) (١٩٠٢- ١٩٧٩). میرتۆن پێیوایە رەفتاری تاکی درووست ئەبێت لە ژێر سایەی پێوەرە کۆمەڵایەتیی یە باوەکاندا بەتایبەت لەو خێزانانەی کە نەرێتێکی تایبەتیان هەیە لە نێو کۆمەڵگادا، بەشێوەیەک هەندیک رەفتار لەنێو خیزاندا سیفەتی شەرعیی وەردەگرێت و، هەندێکی تر لە سیفەتی توندوتیژیی. بۆچوونەکانی پارسونزیش کە تایبەتە بە بەهاکان و گرنگیی ی هاوسەنگیی ی لە نێو کۆمەڵگادا بەشێوەیەکە کە هەرچەندە شێوازی کۆمەڵایەتیی ی هاوسەنگ بێت ئەوەندە چانسی لادان و بڵاوبونەوەی رەفتاری توندوتیژیی و دژایەتیی کەمدەبێتەوە، واتا جێگیرکردنی لێک تێگەیشتن و پەنابردن بۆ گفتوگۆکردن لەبریی بەریەککەوتن و

توندوتیژیی (زاید واخرون، ٢٠٠٢: ٥٢).

هەروەها پارسۆنز جەختیکردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە هەماهەنگییەکی کۆمەڵایەتیی ی هەیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، ئەم کارەش بەشێوەیەکی رێکخراو نییە لەبەرئەوەی تاکەکانی پەیوەستدار بە یەکترەوە هاوبەشن لە هەندێک بیروباوەڕی دیاریکراو و رەفتار و خووڕەوشتدا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بەها کۆمەڵایەتیی یانە وەک پێوەرێک دەتوانرێت بەکاربهێنرێن، ئەوانەی کە ئەم پێوەرە بەکاردەهێنن بەشێوەیەکی لێکچوو یاخود چەند خاڵێکی هاوبەش هەیە لە هەڵسوکەوت کردنیان، پاشان ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر کۆمەڵگە و ناودەبرێت بە هاوسەنگیی ی کۆمەڵایەتیی ی، وە ئەم هاوسەنگیی کۆمەڵایەتیی یە زۆر گرنگە لە کۆمەڵگەدا و پەیڕەودەکرێت و دەپارێزرێت لە رێگەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی ەوە (معتوق، ٢٠١٢: ٢١٦).

لەلایەکی تریشەوە پارسۆنز جەختی لەوە کردۆتەوە کە خێزان بنەمای سەرەکی بوونیادی کۆمەڵایەتیی یە وە تەنها لەڕێگەی ئەویشەوە بەها و دابە کۆمەڵایەتیی یەکانمان دەست دەکەوێت و بڵاودەبێتەوە بەسەر ئەندامەکانی تری کۆمەڵگەدا، لە روانگەی پارسۆنزەوە خێزان دوو وەزیفەی هەیە ئەوانیش گەشەسەندن و پێشخستنی کۆمەڵگە و پەروەردەکردنێکی تاکێکی تەندرووستە بۆ ناو کۆمەڵگە. پارسۆنز بۆ بەردەوامبوونی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی و هاوسەنگیی راگرتنی کۆمەڵگە، مەرجێکی داناوە و ناویناوە پێداویستیە وەزیفیی و بنەڕەتییەکان، وە ئەو پێداویستیانەش ئەم بەشانە لەخۆدەگرێت (گونجاندن، جێبەجێکردنی ئامانج، تەواوکاریی، پاراستن یاخود مانەوە)، ئەگەر ئەم داواکارییە وەزیفییانە جێبەجێ بکرێت پێوەندیی یەکی خێزانیی توندوتۆڵ و درووست دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە دووچاری لێکهەڵوەشان و ترازان دەبێت (کریب، ١٩٩٩: ٧٤).

ئەم چوار جۆرە لە پێداویستییەکان لە روانگەی (تالکۆت پارسۆنزەوە)، بنەڕەتیین لە داڕشتنی نەخشەی خێزان و، شکست لە بەدەستهێنانی ئەم داواکارییانە جەختدەکاتەوە لە زیادبوونی گرژیی لە پێوەندیی نێوان تاکەکانی خێزان پاشانیش بەرەو توندوتیژیی دەڕوات و، ئەمەش بەرەو داڕمانی خێزانیی دەڕوات، بەتایبەت ئەم تیۆرە پەیوەستە بە رێگاکانی بەدەستهێنانی پلەیەکی بەرز لە هاوسەنگیی لە نێوان تاکەکان و شێوازی هەڵسوکەوت و خوڕەوشتی و تەواوکاری خێزان و کۆمەڵگە (بوزبون، ٢٠٠٤: ٦٩-٧٠).

بەشێوەیەکی گشتیی زانایانی ئەم تیۆرە پێیانوایە کە توندوتیژیی خێزانیی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەنگانەی کە بوونی هەیە لە پێش پێوەندیی یە خێزانییەکاندا، بەمەش رەفتاری نەشیاو روودەدات بە هۆی جۆری هەمەئاهەنگی و کارلێکردنی نارێک یاخود کەموکورتی وەزیفیی یاخود بەهۆی بوونی کەموکورتی لە بوونیادنانی خێزانییدا و خراپی هەماهەنگی لە نێوان هاوسەرەکاندا، پێشەنگەکانی ئەم تیۆرە پێیانوایە کەموکورتییە وەزیفیی یەکان لە نیوان خێزاندا، جۆرێک لە فشار و کێشە لەنێوان هاوسەرەکاندا درووست دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژیی خێزانیی، بەمەش ئەندامانی خیزان رۆڵیان دەبێ لە زیادبوونی توندوتیژیی و، هەریەک لە ژن و پیاو بەشێوەی جیاواز بەشداردەبن لە زیادبوونی ناکۆکییەکاندا، بەجۆرێک هەریەکەیان ئەیانەوێ بەسەر ئەویتردا زاڵبن، واتە توندوتیژیی خێزانیی درووست ئەبێت لەئەنجامی هەبوونی کەموکورتیی لەجۆری هەمەئاهەنگی و پێوەندیی یە خێزانییەکاندا.

٢. تیۆری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی :

ئەم تیۆرە لە هەوڵی خستنەڕووی توانای خێزانە بە ئاراستەکردنی رەفتاری تاک و پێیوایە کە خێزان یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایە و بەرپرسە لە پەروەردەکردنی تاک بە تاکی ئەندامانی کۆمەڵگە، زانایانی

ئەم تیۆرە پێیانوایە کە رەفتار راستەخۆ ناگوازرێتەوە بۆ تاک بەڵکو لەرێگەی ئەو گروپانەی کە پێی دەگات وەردەگیرێت، واتە رەفتار نە بۆماوەییە وە نە لە خودی مرۆڤەکاندا بوونی هەیە. هەروەها بۆچوونیان وایە کە توندوتیژیی و رەفتاری شەڕانگێزیی بە بۆچوونی ان هەمەجۆرەکانیەوە فێردەبی لە ئەنجامی بەریەککەوتن و کارلێکی نێوان تاکەکان لەگەڵ یەکتردا بەپێی ئەم تیۆرە توندوتیژیی رەفتارێکە لە ئەنجامی فێربوون یان لاسایکردنەوە یاخود تیبینیکردن لە ژینگەی دەوروبەر وەردەگیرێت، بۆیە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی پرۆسەیەکی یەکخستنی تاکەکانە لە کۆمەڵگادا، ئەویش لە رێگای چەسپاندنی پرانسیپ و بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و، هەروەها هەموو ئەو هێما و رەمزانەی کە زادەی هزری زانا و رۆشنبیرەکانی ناو کۆمەڵگان، لەرێگەی ئەم پرۆسەیەوە مرۆڤەکان حەز و توانایەکیان بۆ درووست ئەبێت بۆ ئەوەی گونجاوبن لەگەڵ یاسا و رێسا و ئەندام و بەشەکانی تر و هەروەها رۆڵی خۆیان بە باشی بگێرن لەناو کۆمەڵگادا (یوسف، ٢٠١٣: ٧). بەشێوەیەکی گشتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەدا رۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە دیاریکردنی جۆری پێوەندیی ی نێوان خێزانەکاندا، پێوەندیی نێوان ژن ومێرد پێوەندیی یەکی ئاسایی و رێککەوتن بێ یاخود پێوەندیی ەکی زۆرداری و پیاوسالاریی، کاتێک بۆچوونی دووەم زاڵ دەبێت لە کۆمەڵگەدا ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان بەردەوام گوێرایەڵی مێردەکانیان بن و هەروەها پشتیانپێببەسن لەهەموو کایەکانی ژیاندا. کەواتە شێوازی فێربوون و پێگەیاندنی تاکەکان لە کۆمەڵگە پیاوسالارییەکاندا بۆچوونێکی زۆری هەیە، بەشێوەیەک ئەوەی کە فێری پیاوان دەکرێت جیاوازە لەوەی ژنان، چونکە پیاوان دەبێت بەردەوام سەرچاوەی هێز و توانا بن، ژنانیش لەبەر ئەوەی بێتوانا دەکرێن بەردەوام بێدەنگیی هەڵبژێرن و، بڕیاری سەربەخۆ نەدەن چونکە ئەوان لە ژێر دەسەڵاتی مێرد و باوک و براکانیاندان و ئەبێت گوێرایەڵی ئەو یاسا و رێسا و نەریتە کۆمەڵایەتیانە بن کە پیاو تیایدا مافی بریاردان و دەسەڵاتی رەهای هەیە، کەواتە بەپێی بۆچوونی پێشەنگەکانی تیۆری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی، توندوتیژیی خێزانیی دەگەڕێتەوە بۆ جۆر و شێوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە.

٣ تیۆری کارلێکی هێمایی:

ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی سەرەکیی جەخت لەوە دەکاتەوە کە تاک لە ژینگەیەکی هێمایدایە لە هەموو هەڵوێست و رووبەرووبونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەریی دەکاتە سەری و وای لێدەکات کە رۆژانە و بەشێوەیەکی بەردەوام بەکاریبهێنێت و، ئەمەش وا دەکات لە تاک کە ئەم هێمایانە بەکاربهێنێت لە کاتی دەربڕینی ناخۆشیی و نارەحەتییەکان یاخود پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکانیدا، وە پشاندانی گرنگیی ی ئەم هێمایانە لە بەکارهێنانیدا لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە لە پراکتیزەی ژیانی کۆمەڵایەتیی رۆژانەی خۆیاندا، ئەگەر تاک فێربێت بەمە لە کاتی بەریەککەوتنی لەگەڵ کەسانی تردا بەشێوەی ویستدار و بێویستی خۆی ئەم رەمزانە بەکاردەهێنێ وەکو بەکارهێنانی زمان، یاخود بەکارهێنانی جووڵانی سەر وەک ئاماژەیەک بۆ رازیبوون و رەتکردنەوەی شتەکاندا (Levin, ١٩٩١: ٦٣).

بەپێی ئەم تیۆرە کارلێکە رەمزییەکان لەنێو خێزاندا ئاماژەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە کارلێکردن و پێوەندیی یە تایبەتییەکانی نێوان ژن و پیاو و منداڵەکانیان دەکات، بۆیە هەڵسوکەوتی تاکەکانی ناو خێزان تەنها کارلێککردنێکی کۆمەڵایەتییە و رەنگدانەوەی ئەو هێمایانەیە کە تاک دەیبینێ و کاریگەری نەرێنیی یا ئەرێنییان هەیە لە بارودۆخی ژیانی رۆژانەدا (الخولي، ٢٠١٦: ١٣١)

زانای ئەمریکایی (Grorge Herbert Mead) (١٨٦٣- ١٩٣١). یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرە و، پێیوایە کۆمەڵگە

دەرەنجامی پێوەندیی ی کاردانەوەی نێوان عەقڵ و دەروونی مرۆڤە، وە ئەم هۆشیارییە شێوەیەکی تایبەتە و بەرهەمی توانای مرۆڤە لەسەر بەکارهێنانی دەنگ و ئاماژە هێماییەکان، زمان لێرەدا رۆڵی تایبەتمەندیی مرۆڤ دەردەخات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی کارلێکی نێوان تاکەکان و دەرخەری ئەوەشە کە یەکەم وێنەی ئاماژەکردنە مرۆڤ بەکاریدەهێنێ لە ئەنجامی هەڵچوونەکانی لەناو چوارچێوەی خێزاندا (بوزبون، ٢٠٠٤: ٤٣).

ئەم تیۆرە پێیوایە کە کەسێتیی تاک لە ئەنجامی کارلێکی هێما درووست دەبێت و، منداڵ کە لە دایک دەبێت لەو ژینگەیەدا پڕە لە هێما و نیشانە کە ئەندامانی خێزان بەکاریدەهێنن و، لەڕێگەی تێبینیکردنەوە منداڵ ئەم هێمایانە دووبارە بەکاردەهێنێتەوە لەبەردەم دایک و باوکیدا، وە تێدەگات کە ئەم هێمایانە شتی گشتین و هەریەکەیان مانای تایبەت بە خۆی هەیە، لە ئەنجامی بەردەوامی بینینی رۆژانەی ئەو هێمایانە هەڵدەستێ بە لاسایکردنەوە و بەکارهێنانەوەی بەتایبەت ئەو هێمایانەی کە رۆژانە بەرچاوی دەکەوێت بۆ ئەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیی لەناو خێزاندا پەیدا بکات (الخولی، ٢٠١٦: ١٣٣).

هەربۆیە ڕەمز و نیشانەکان لای (مید) مانای رەفتاری کۆمەڵایەتیی دەگەیەنێ و سێ قۆناغی داناوە بۆ گەشەکردنی دەروونی مرۆڤ لەوانەش:

قۆناغی یەکەم: لاسایکردنەوەی سەرەتایی: لەم قۆناغەدا منداڵ هەڵدەستێت بە لاسایکردنەوەی رۆڵ ە کۆمەڵایەتیی یەکان وەکو رۆڵ ی دایک و باوک و خوشک و برا.

قۆناغی دووەم: لاسایکردنەوەی لاوەکی: لەم قۆناغەدا زانیارییەکانی منداڵ زیاد دەکات بە گەورەبوونی ڕووبەری کۆمەڵایەتیی ، بۆیە لەم قۆناغەدا هەڵدەستێ بە لاسایکردنەوەی رۆڵ ی مامۆستا هەروەها ئەوانی تر.

قۆناغی سێیەم: گرنگیی دانە بە بەهاو ئاڕاستەکانی کۆمەڵگە: لەم قۆناغەدا تاک گرنگیی دەدا بە بەها و کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتیی یەکان لە کۆمەڵگەی ناوخۆییدا، بە بۆچوونی هێربێرت مید ئەم قۆناغی کۆتاییە ناو دەنێت بە قۆناغی وەرگرتنی هەڵسەنگاندنی ئەوانی تر (Levin, ١٩٩١: ٥٩).

تیۆری کارلێکی هێمای لە خوێندنەوەی بۆ خێزان جەخت دەکاتەوە لەسەر پرۆسەی کارلیککردن و رۆڵ و بڕیاردان و پێوەندیی یەکان لە چوارچێوەی خێزاندا، هەروەها گرنگیی دەدات بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی و لاسایکردنەوەی رۆڵ و تیشکۆدەخاتە سەر پرۆسە ناوخۆییەکانی خێزان چونکە بنەمای خوێندنەوەکان لەسەر پێوەندیی نێوان ژن و پیاو منداڵەکان وەستاوە. بۆیە لە خوێندنەوەی بۆ توندوتیژیی خێزانیی و بەتایبەت دژ بە ژنان تیشک دەخاتە سەر پێوەندیی یە نەرێنیی یەکانی نێوان ژن و پیاو و منداڵ کە دەبێتە هۆی درووستبوونی توندوتیژیی. دیاردەی پێوەندیی نەرێنیی نێوان تاکەکانی خێزان کاریگەریی دەبێ لە وەرگرتنی ئەو توندوتیژییە لە داهاتوودا و پاشان بەکارهێنانەوەی لە ناو خێزانەکانیاندا بەتایبەت دوای باڵغبوون و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیی، تێبینی دەکرێت کە توندوتیژیی لەڕێگەی فێربوونی رۆڵەکانەوە درووست دەبێت کە پێوەندیی هەیە بە رەگەزی تاکەکانەوە، هەربۆیە لە گۆشەنیگای تیۆریی کارلێکی هێمایی هەڵسوکەوتی توندوتیژیی دژ بە ژنان رەفتارێکە وەرگیراوە لە رێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی و لە رێگەی لاساییکردنەوەی رۆڵەکان، وەک لاساییکردنەوەی کوڕەکان بۆ رەفتاری توندوتیژیی باوکیان، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژیی لە رێگەی رەفتاری دووبارەی منداڵەکان لە ژیانیاندا (بوزبون، ٢٠٠٤: ٤٥).

زانایانی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکەنەوە کە تاکەکان فێری توندوتیژیی دەبن بە ناسینەوەی رۆڵەکانی پەیوەست بە رەگەز و پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان، بە پێی زۆربەی کەلتوورە مرۆڤایەتییەکان رەگەزی

نێر تا رادەیەک شەڕانگێزە و حەزی لە هەژموون و کۆنترۆڵکردن و، ئارەزووی لەوەیە کە پشت بە خۆی ببەستێ لە بڕیارداندا، لەهەمان کاتدا رەگەزی مێ بە لاواز و گوێڕایەڵیی و ملکەچ وێنا دەکرێت، لەم روانگەیەوە هەر کەسێک بە شێوەیەکی خۆڕسک وەڵامی ئەو شتە دەداتەوە کە پێشتر بۆی کێشراوە و لەسەر بنەمای ئەوەی کە باوەڕ دەکرێت رەفتاری پەسەند بێت و لەسەر بنەمای ئەو شتانەی کە ئەوانی تر لێی پێشبینی دەکەن.

٤. تیۆری ململانێ:

ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکە بنچینەییەیە کە بونیادنراوە کە کاتێک توندوتیژیی لە کۆمەڵگەدا روودەدات، دیاردەیەکی سرووشتیی و ئاساییە و پاشخانێکی کۆنی مێژوویی هەیە، چوارچێوەی گشتیی ئەم تیۆرە چڕدەبێتەوە لە \سەر ململانێی نێوان رۆڵەکان، لەڕووی هەستی تاکەکەسی لە بێبەشبوون لە نێوان ئەو شتانەی کە دەستیاندەکەوێ و ئەو شتانەی کە خواستیان لەسەری هەیە، وە لەنێوان دابەزینی ئاستی ئابووریی و جۆرێک لە بێبەشبوونی رێژەیی، ئەمەش دەبێت بە هۆی نزیکبوونەوە لە توندوتیژیی و وەکو دەرەنجامێک هەستکردن بە ستەمی کۆمەڵایەتیی و نەبوونی دادی کۆمەڵایەتیی (Stark, ٢٠٠١: ١١٥).

ئەم تیۆرە گرنگییدەدات بە توندوتیژیی وە بەدوای چۆنیەتیی دەرکەوتنیدا دەگەڕێت و، هەربۆیە هەندێکجار لەشێوەی ناکۆکیی نێوان تاکەکان یاخود ململانێی چینایەتیی یان شەڕی دەوڵەتەکان دەردەکەوێت. زۆرێک لە هۆکارەکانی توندوتیژیی دەگێڕێتەوە بۆ تەنها هۆکارێک کە ئەویش موڵکداریی تایبەتە. مارکسیەکان پێیوایە توندوتیژیی بەشێک نییە لەسرووشتی مرۆڤ بەڵکو دیاردەیەکی مێژووییە و هەر کاتێک موڵکداریی تایبەت نەمێنێ ئەوا دەبێتە هۆی چارەسەری کێشەکان و دابەشبوونی چینایەتیش بوونی نامێنێ (عبدالوهاب، ١٩٩٤: ٢٠).

(مارکسییەکان)ی سەر بەم تیۆرە بەروونی باس لە ناکۆکی نێوان ژن و پیاو دەکەن و بۆچوونیان وایە کە هەر لە مێژەوە ژن بەشێوەیەکی کەم توانا و بێدەسەڵات لە کۆمەڵگەدا سەیرکراوە، پێشیان وایە کە ژنان لەلایەن پیاوانەوە چەوسێنراونەتەوە، هەربۆیە پیاوان رێگر دەبن بۆ هەر گۆڕانکارییەکی باش کە بەسەر بارودۆخی ژناندا بێت و لە هەوڵدان بۆ رێگریکردن لە کارکردنی ژنان لەوەی کە ببن بە خاوەن ئابووری سەربەخۆی خۆیان، ئەمەش وا دەکات کە توندوتیژیی لە نێوان ژن و مێرددا سەرهەڵبدات (عبدالوهاب، ١٩٩٤: ٢٠-٢١).

بەڵام پێچەوانەی مارکسیەکان (کۆزەر) کە یەکێکە لە پێشەنگەکانی ئەم تیۆرە و بۆچونێکی جیاوازی هەیە و باس لەلایەنی ئەرێنیی ئەو ناکۆکیانە دەکات لەبەردەوامی سیستەمەکاندا و بەتایبەت سیستەمی خێزان، بۆچوونی وایە لە حاڵەتی ناکۆکی و قوڵبونەوەی کێشەکانی نێوان ژن و پیاودا، ئەو خێزانە بۆ ئەوەی بەردەوامبێت و نەگات بە حالەتی توندوتیژیی و هەڵوەشانەوە ئەوا پێویستە جۆرێک لە سازان لە نیوانیان ئەندامانی خێزانەکەیدا درووست بێت، بۆ ئەمەش پێویستە ژن و پیاو لە پێناو مانەوە و پارێزگاریکردن لە خێزانەکەیاندا قوربانی بە خۆیان بدەن جا لە هەر لایەکیانەوە بێت، هەربۆیە کۆزەر لەو روانگەیەوە پێیوایە کە ژنان زیاتر لە پیاوان قوربانی دەدەن و منداڵیش بەشدار دەبێ لەگەڵیاندا، ئەمەش تەنها لە پێناو بەردەوامی و تێکنەچوونی ژیانی خۆی و شیرازەی خێزانەکەیەتی، هەربۆیە کۆزەر ململانێی و بوونی توندوتیژیی لە نێو خێزانەکان بە ئەرێنیی دادەنێ چونکە جۆرێک لە تێگەشتن و سازان درووست دەکات لە نێوانیاندا کە دەشێ ئەو سازانە بەردەوام بێت و، جۆرێک لە یەکگرتوویی و هەماهەنگی دوور مەودا لەنێو ئەو خێزانەدا درووست بکات (زایلتن، ١٩٨٩: ١٨٠).

بەشێوەیەکی گشتی زانایانی ئەم تیۆرە پێیانوایە توندوتیژیی خێزانیی دەرەنجامی ئەو ستەم و چەوساندنەوەیە کە تاک توشی دەبێ، هەربۆیە زۆرجار ئەو تاکە هەمان رەفتار دووبارە دەکاتەوە کە بەرامبەری بەکارهێنراوە، لە دەرەنجامی ئەو فشار و نائومێدییانەیە کە تیایدا دەژی و، هەروەها ئەو ستەم و چەوساندنەوەیەی کە بەرامبەری دەکرێت، ئەو کەسە پەنادەباتە بەر کردنی توندوتیژیی، زۆرجاریش ناتوانێ بەرامبەر بەو کەسانە بوەستی کە هۆکاری چەوسانەوەکەین، ناچار رەفتاری توندوتیژیی بەکاردەهێنێت بەرامبەر بە خێزان و هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی.

٥. تیۆری ئابووریی:

هەر لەکۆنەوە زانایان بایەخیان بە کاریگەری هۆکاری ئابوری لەسەر توندوتیژیی داوە، بەڵام سەرەتای ئەنجامدانی توێژینەوە زانستی لەسەر کاریگەری ڕەوشی ئابوری لەسەر تاوان و توندوتیژیی دەگەڕێتەوە بۆ زانای بەلجیکی (Adolphe Quetelet) (١٧٩٦ – ١٨٧٤) و هەروەها زانای فەڕەنسی (Andrea Michael Gyuri) (١٨٠٢ – ١٨٦٦)، ئەم دوو زانایە گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە هۆکاری ئابووری رۆڵ ی کارای هەیە لەسەر ئەنجامدانی تاوان و توندوتیژیی، بەپێی بۆچوونی زانایانی ئەم تیۆرە هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژیی دەگێڕنەوە بۆ خراپ بوونی دۆخی ئابووری کەسەکە، وە پێشیان وایە پێوەندیی ەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان توندوتیژیی و خراپی دۆخی ئابووری (القیصر و عبدالمنعم، ٢٠٢٢: ٧٦-٧٧).

زانایانی ئەم تیۆرە پێیانوایە خراپی باری ئابووری کەسەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتیی لەسەریان و ئەمەش بە فاکتەری سەرەکی دادەنرێ لە سەرهەڵدانی توندوتیژییدا، هەروەها پێشیان وایە کە جیاوازی چینایەتی و نادادی لە دابەشکردنی داهات و سامانی گشتیدا دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕق و کینە لەنێو ئەو تاکانەی کە بژێوی ژیانیان خراپە، لەلایەکی تریشەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە بڵاو بوونەوەی بێکاری و هەژاری و دابەزینی ئاستی بژێوی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژیی، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ناتوانن پێداویستیە سەرەتاییەکانیانی ژیانیان دابین بکەن ئەمەش وا دەکات کە زەخت و فشارەکانی ژیان لەسەریان زیاتربێ و بۆ ئەمەش پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی توندوتیژیی، لەگەڵ ئەوەشدا سەختی و ناخۆشیەکانی ژیان و فشاری نەبوونی کارو ئەنجامدانی رۆڵ ە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا دەبنە هۆی رەفتاری توندوتیژیی. بەپێی هەندێک خوێندنەوە جەخت لە هەبوونی پێوەندیی ڕاستەوخۆ دەکاتەوە لە نێوان فشار و ناخۆشیەکانی ژیان و ئەنجامدانی رەفتاری توندوتیژییدا (عبدالمحمود، ٢٠٠٣: ٣٥).

بەشێوەیەکی گشتی بەپێی ڕاڤەکردنی ئەم تیۆرە، توندوتیژیی خێزانیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ئابوورییەی کە ئەندامانی خێزان تێیدا دەژین، کاتێک ژن یاخود پیاو لە بارێکی ئابوری سەخت و دژواردا ژیان دەگوزەرێنن و ناتوانن پێداویستیەکانی خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن، بۆ ئەمەش دەکەونە ژێر فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتیی ەوە. هەندێک جاریش هەست بەوە دەکەن کە ئەو دۆخە ئابووریە خراپەی کە بەسەریاندا هاتووە زادەی ئەو نایەکسانیەیە کە لە دابەشکردنی سەرچاوەی داهاتی گشتیدا هەیە، ئەمەش هێندەی تر رق و کینە لای ئەو دایک و باوکە زیاتر دەکات، هەموو ئەم فاکتەرانەش ڕێگەخۆشکەر دەبن بۆ ئەوەی هەر کاتێک ژن یاخود پیاو لەناو خێزاندا دەرگیر بە حاڵەتێکی دەروونی بێت ئەوا توندوتیژیی ئەنجام بدات وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو بارودۆخە ئابوورییە خراپەی کە تیایدا دەژین.

٦. تیۆری کلتووری یاخود کلتووری لاوەکی:

ئـەم تیـۆرە لەلایـەن کۆمەڵنـاس و تاوانناسـی ئەمریکـی (Woifgang Marvin) (١٩٢٤- ١٩٨٨)، لەسـاڵی (١٩٦٧) دامەزرێنرا، ئـەم تیـۆرە جەخـت لەسـەر یەکێـک لـە ڕێگا نوێیـەکان بـۆ شـیکردنەوەی دیاردەی توندوتیژیـی دەکاتـەوە، زانایانـی ئـەم تیـۆرە پێیانوایـە کـە لـە ئەنجامـی کارلێککـرن و بەریەککەوتنـی تاکەکانـی کۆمەڵگـەکان کلتورێکـی لاوەکی لەنـاو کلتـوری گشـتیدا درووسـت دەبێـت، بەجۆرێـک تایبەتمەنـدی ئـەم کلتـووره لاوەکییـە ئەوەیـە کـە ئاڕاسـتەی ئەرێنیـی بـۆ توندوتیژیـی هەیـە، هەربۆیـە (Harold E. Khon) لـە کتێبەکەیـدا بەناونیشـانی (Feeling Low) کـە لەسـاڵی (١٩٥٥)دا بـڵاوی کـردەوە و دەڵـێ ئـەو کلتـورە لاوەکییـە کـە لەنێـو هەندێـک لە کۆمەڵگـەکان سـەرهەڵدەدات، گوزارشـت لـە شـێوازێکی ڕەفتـاری ڕێکخـراو کـە دژ بـە شـێوازی کلتـوری ڕەسـەنی کۆمەڵگـە دەکات و ئـەم کلتـورەش زیاتـر لەڕێگـەی نـوسراو و دامودەزگاکانـی ڕاگەیاندنـەوە تێکـەڵ بـە کلتـورە گشـتیەکە دەبێـت لەسـەر بیرۆکەیـەک درووسـت کـراوە کـە دژ بـە توندوتیژیـی نییـە بەڵکـو وەک هاندەرێکـە بـۆ توندوتیژیـی (لطفي،٢٠٠١: ١٦).

لەلایەکـی تـرەوە (Richard Lawrance) لـە سـاڵی (١٩٨٩)، پێـی وابـوو ئـەو کەسـانەی کـە کلتـوری لاوەکـی بـە ئاڕاسـتەی توندوتیژیـی تەبەنـی دەکـەن لـە چینێـک بـۆ چینێکـی تـر لەنـاو هەمـان کۆمەڵگادا جیاوازییەکـی زۆریـان هەیـە و زیاتریـش ئـەو کلتـورە لـە نێـوان چینـی کەمـە نەتـەوەکان و چینـە هەژارەکـە دەردەکەوێـت، بەتایبـەت ئـەو کەسـانەی کـە پاشـخانی کێشـەی کۆمەڵایەتیـی و ئابووری و تاوانیـان هەیـە توندوتیژیـی تیانـدا زیاتـر بـڵاوە و ڕەفتـاری توندوتیژیـی بـە ئاسـای دەبینـێ و شـتێکی قبوڵکـراوە لەناویانـدا، وە ئـەو کەسـانە هانـدەری سـەرهەڵدانی ڕەفتـاری توندوتیژییـن لـە زۆر بارودۆخـدا، بەتایبـەت لـە نێـو ڕەگـەزی نێـردا (بـن زیـان، ٢٠٢٠: ٧٥).

پێشـەنگەکانی ئـەم تیـۆرە جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە خـراپ مامەڵەکردنـی پیـاوان لەگـەڵ ژنانـدا لـە بڵاوبوونـەوەی کولتـوری توندوتیژیـی و قبوڵکردنـی لـە کۆمەڵـگادا هەیـە، ئـەم قبوڵکردنـە لـە بەکارهێنانـی توندوتیژیـی لـە ژیانـی خێزانییـدا شـەرعیەت دەدات و پشـتگیری لـە پەنابـردن دەکات بـۆ توندوتیژیـی، هـەر بۆیـە هەندێـک لـە پیـاوەکان درێغـی ناکـەن لـە توندوتیژیـی بەرامبـەر بـە ژنەکانیـان یاخـود هـەر کردەوەیەکـی تـری دڕندانـە خۆیـان بـەدوور ناگـرن. لەگـەڵ ئەوەشـدا کۆمەڵناسـی ئەمریکـی (Murray A. Straus) (١٩٢٦-٢٠١٦)، پێیوایـە کـە کەمتریـن ئاسـت لـە ڕێککەوتنـی ناڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان ئەندامانـی کۆمەڵـگادا هەیـە بـۆ پشـتگیریکردن لـە بەکارهێنانـی توندوتیژیـی لـە دژی ژنەکانیـان لەلایـەن مێردەکانـەوە. ئـەو ئـەم پشـتگیرییەی بـە (گرێبەسـتی هاوسـەرگیری و مۆڵەتـی لێـدان) ناوبـرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا زانـای ئیرلەنـدی (George William Russell) (١٨٥٣-١٩١٩)، پێیوایـە کـە میدیـا و یاسـاکان هانـدەری توندوتیژیـی دژی بـە ژنانـن، یـان لانیکـەم ڕێگـە بـە توندوتیژیـی دەدەن و بـەم شـێوەیە لـە ژێـر ڕۆشـنایی چاوەڕوانییـە دادوەرییەکانـدا، هەربۆیـە کۆمەڵـگا چاوەڕێـی ئـەوە دەکات ڕەگـەزی نێـر توندوتیژیـی زیاتـر بەرامبـەر بـە ڕەگـەزی مـێ نیشـان بـدەن (دمعة، ٢٠٠٨: ١٩٦).

بەشـێوەیەکی گشـتی جێبەجێکردنـی ئـەم تیـۆرە لـە ڕاڤەکردنـی توندوتیژیـی خێزانییـدا لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە کـە ئەندامانـی خێـزان بەهـۆی تێکەڵاوبـوون و ئـەو گۆڕانکاریانـەی بەسـەر کلتـوری کۆمەڵگەکانـدا هاتـووەو وایکـردووە کـە کلتـوری لاوەکـی (بیانـی) جێگـەی کلتـوری ڕەسـەن بگرێتـەوە، بەهـۆی هۆکارەکانـی ڕاگەیاندنـەوە زیاتـر ئاشـنابن بـە کلتـوری وڵاتانـی تـر، هەمـوو ئەمانـەش لـەو کۆمەڵگایانـەی کـە تارادەیـەک پابەسـتن بـە ئاییـن و دابـە کۆمەڵایەتیـی یەکانـەوە کاریگـەری و لێکەوتـەی خراپـی دەبێـت بەتایبـەت لەسـەر تێکچونـی شیرازە و هاوبەسـتی خێـزان و هەندێـک جاریـش فاکتـەری سـەرەکی دەبـێ بـۆ سـەرهەڵدانی توندوتیژیـی لەنێـو چوارچێـوەی خێزانـدا.

دەرەنجامەکان

تیۆرە کۆمەڵایەتیی یەکان رۆڵ ێکی بەرچاویان هەیە لە شیکردنەوەی دیاردەی توندوتیژیی خێزانییدا، ئەگەرچی بەشێوەی جیاوازیش باس لە دیاردەکە دەکەن و هەریەک لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە ڕاڤە و شیکردنەوەی بۆ دەکەن، بۆ نموونە زاناکانی تیۆری بوونیادی وەزیفیی ، بۆچوونیان وایە کە توندوتیژیی خێزانیی بەهۆی نارێکی لە ئەنجامدانی وەزیفەی ئەندامانی خێزانەوە درووست دەبێت، واتا کاتێک تاکەکان ناتوانن بەباشی رۆڵی خۆیان لەنێو چوارچێوەی خێزاندا ئەنجام بدەن ئەوا توندوتیژیی درووست دەبێ، ئەو کۆمەڵناسانەی کە دەچنە چوارچێوەی ئەم تیۆرە بریتین لە (ڕۆبێرت مێرتۆن) و (پارسۆنز). جیاواز لە بۆچوونی وەزیفیی ەکان و لەبەرامبەردا (جۆرج هێربێرت مید)، پێشەنگی تیۆری کارلێکی هێمایی بۆچوونی وایە تاک کە لە دایک دەبێت لەو ژینگەیەدا پڕە لە هێماو نیشانە کە ئەندامانی خێزان بەکاری دەهێنن، لە ئەنجامی بەردەوامی بینینی رۆژانەی ئەو هێمایانە هەڵدەستێ بە لاسایکردنەوە و بەکارهێنانەوەی بەتایبەت ئەو هێمایانەی کە رۆژانە بەرچاوی دەکەوێت، سەبارەت بە توندوتیژیی خێزانییش باس لەوە دەکا کە ئەو تاکە ئەگەر لە منداڵیدا لەنێو ژینگەیەکی توندوتیژ گەورە بوبێت ئەوا لە گەورەبووندا هەمان توندوتیژیی بەرامبەر خێزان یاخود هاوڕێ یان ئەندامێکی تری کۆمەڵگە بەکاردەهێنێتەوە. بەڵام (مارکسیەکانی تیۆری ململانێ)، وای داناوە کە توندوتیژیی خێزانیی دیاردەیەکی مێژوویە و هەر لە کۆنەوە چینی ژنان لەلایەن پیاوانەوە چەوسێنراونەتەوە، وە پیاوان رێگر دەبن بۆ هەر گۆڕانکارییەکی باش کە بەسەر بارودۆخی ژناندا بێت. هەرچی زانایانی (تیۆری ئابووریشە)، بۆچوونیان وایە کە توندوتیژیی خێزانیی بەهۆی خراپی باری ئابووری تاکەکانەوە سەرهەڵدەدات و جۆرێک لە فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتیی درووست دەکات لەسەریان. بەڵام پێشەنگەکانی تیۆری کلتوری (مارفین وولفغانغ) و (هارۆڵ د ئیخون)، جیاواز لە بۆچوونەکانی سەرەوە پێیانوایە توندوتیژیی لە ئەنجامی کارلێککرن و بەریەککەوتنی تاکەکانی کۆمەڵگە کلتورێکی لاوەکی لەناو کلتوری گشتیدا درووست دەبێت و ئەو کلتورە لاوەکییە کە لەنێو هەندێک لە کۆمەڵگەکان سەرهەڵدەدات گوزارشت لە شێوازێکی رەفتاری رێکخراو کە دژ بە کلتوری ڕەسەنی کۆمەڵگە دەکات و ئەم کلتورەش زیاتر لەرێگەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە تێکەڵ بە کلتورە گشتیەکە دەبێت و کە وەک هاندەرێکە بۆ توندوتیژیی.

روانگەی تیۆری بوونیادی وەزیفیی ، پێیوایە کە خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی یە و خاوەن بوونیادی خۆیەتی، لەڕێگەی پێوەری تایبەتی خۆیەوە رێکخستن و کۆنترۆڵکردن فەراهەم دەکات، پێشیان وایە کە خێزان لە کۆمەڵێک رەگەز وەک (ژن، پیاو، منداڵ) پێکدێت هەر یەک لەو رەگەزانە ئەرک و وەزیفەی خۆیان هەیە و پێکەوە تەواوکاری یەکترن، بەڕێوەچوونی وەزیفەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێتە مایەی جێگیربوونی دۆخی هاوسەنگیی ڕێژەیی، لادانی وەزیفەکان لە رەوتی ئاسایی خۆی یان هەڵنەسانی هەریەک لە تاکەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەوا دەبێتە مایەی تێکچوونی دۆخی هاوسەنگیی خێزان، ئەو کاتەش دامەزراوەی خێزان دەکەوێتە هەوڵی گێرانەوەی دۆخی هاوسەنگیی ، لەم سۆنگەیەوە ئەو توندوتیژییەی کە لە نێو خێزان ئەنجام دەدرێت بەر ئەنجامی فشاری بوونیادی کۆمەڵایەتیی خێزانە، یان زاڵبوونی دۆخی بێ پێوەرییە، یاخود بێهێزبوونی پەیوەستی نێوان ئەندامەکان خۆیانن، یان دایک لەگەڵ باوک یان بە پێچەوانەوە یاخود منداڵ لەگەڵ هەردوکیان. ئەمەش دەبێتە مایەی تێکدانی دۆخی هاوسەنگیی ڕێژەیی لەنێو خێزانەکاندا.

بەڵام لە تیۆری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی دا، توندوتیژیی خێزانیی بەهۆی بیروبۆچونە نەریتیەکانی ناو کۆمەڵگەوە

دروووست دەبێت، کە ڕەگەزی نێر کەسی یەکەمی خێزانەکەیەتی و دەسەڵاتی تەواوی دەبێ بەسەر ئەندامانی تری خێزانەکەیدا، ئەم بیروبۆچونانە زۆرجار جیاوازی ڕەگەزی دروووست دەکەن بەجۆرێک کە پیاوان هەموو دەسەڵاتێکیان هەبێ و ژنانیش هەروەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی دەبێ ژێر دەستەی پیاوان بن و بە بەردەوامی بە پێی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتیی انە هەڵسوکەوت بکەن کە کۆمەڵگە بۆی دیاریکردون، لەو جۆرە کۆمەڵگایانەش ژنان هەر لەتەمەنی منداڵیەوە هونەری ژێردەستەیی بە گوێدا دەچرپێنرێ، وە ئیشوکاریشیان بریتییە لە گەورەکردنی منداڵ و گوێڕایەڵی مێردەکانیان، لەڕوانگەی ئەم تیۆرەوە، لە کۆمەڵگە پیاوسالارییەکاندا ژنان بەو توندوتیژییانە ڕازی دەبن کە لەلایەن پیاوەکانیانەوە بەرامبەریان دەکرێ و جۆرێک لە قوربانی بەخۆیان دەدەن بۆ ئەوەی پێوەندیی نێوان ئەندامانی خێزانیی باش و پارێزراو بێت.

لەلایەکی ترەوە تیۆری کارلێکی هێمایی، بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە شیکردنەوەی توندتیژی خێزانیی و پێیوایە کە ژن و پیاو و منداڵ لەنێو چوارچێوەی خێزاندا بۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە دەژین و کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن، پاشان وێنەیەکی زەینیی نەرێنیی لەڕێگەی بینین و بیستن و گفتوگۆکردنەوە لەگەڵ یەک و بەرامبەر یەک دروووست دەکەن، پاشان ئەم وێنە زەینییە کە هێما و ئاماژەیان بۆ داناوە بەرامبەر بە یەک بەکاری دێنن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک جار ئەو ئاماژەو هێما خراپانەی کە بەرامبەر بە یەک بەکاریدەهێنن ببێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژیی لەنێو خێزاندا. لەلایەکی تریشەوە بەهۆی فێربوونی ئەو هێماو ئاماژە خراپانەی کە لە دەرەوەی خێزان لەڕێگەی سەرمەشق و ئەو بەها و پێوەرە کلتوریانەی کە هاندەری توندوتیژیین هەڵدەستن بە دووبارە بەکارهێنانەوەی لەناو خێزاندا و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەنجامدانی توندوتیژیی لە نێو چوارچێوەی خێزاندا.

هەروەها تیۆری ململانێ، پێیوایە کە هەیکەلی خێزان لە ژن و پیاو منداڵ پێک دێت، هەریەک لەم کەسانە لەڕووی ئەرک و ماف و پێگەو ڕۆڵ ەوە جیاوازن لە یەکتری، باوک لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان وەک سەرپەرەشتیاری خێزان و خاوەن دەسەڵات و بڕیار و پێگەی کۆمەڵایەتیی تایبەت دەناسێنرێ، هەرچی منداڵ و دایکە خاوەن کەمترین بڕیار و زۆرترین گوێڕایەڵیان لەسەرە، هەریەک لەمانە سەرەڕای پێوەندیی نیوانیان خاوەن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن و لە هەوڵی بەدەستهێنانیدان، هەربۆیە لەو سۆنگەیەوە ململانێ دەکەوێتە نێوانیانەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ژن هەست بە نادادی و نایەکسانی و نامۆبوون و خراپی ژیانی دەکا لەنێو خێزاندا بەتایبەت ئەگەر پیاوەکە وەک پێویست پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی خێزانەکەی دابین نەکا، ئەوەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ململانێ و کاردانەوە و توندوتیژیی بەدوادادێت.

بەڵام تیۆری ئابووری، بۆچوونی جیاوازە و پێیوایە کە توندوتیژیی خێزانیی کاتێک سەرهەڵدەدات کە ئەندامێکی خێزانەکە دووچاری کەمی داهات یاخود بێکاری دەبێتەوە بەمەش جۆرێک لە فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتیی لەلا دروووست دەبێت، وە کاتێک کەسەکە لەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی توانای دابینکردنی پێداویستی خۆی و خێزانەکەی نابێ هەست بە جۆرێک لە کەم توانایی و بێبەشی دەکات، ناچار پەنا بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیی بۆ سەر ئەندامێکی تری خێزانەکەی یاخود دۆست و کەسە نزیکەکانی دەبا، بەمەش جۆرێک لەو فشارە دەروونییە لەسەر خۆی کەم کاتەوە.

لە کۆتایشدا تیۆری کلتووری، پێیوایە کە توندوتیژیی خێزانیی دروووست دەبێت لەنێو ئەندامانی خێزاندا بەهۆی تێکەڵاوبوون و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کلتوری کۆمەڵگەکاندا هاتووە و وایکردووە کە کلتوری لاوەکی جێگەی

کلتـوری ڕەسـەن بگرێتـەوە، ئەندامانـی خێزانییـش لەڕێگـەی هۆکارەکانـی ڕاگەیانـدن و ئامرازەکانـی تەکنەلۆجیـاوە بەخێرایـی ئاشـنا دەبـن بـە کلتـوری بیانـی، ئـەو کلتـورە نوێیـەش دژ بـە کلتـوری ڕەسـەنی کۆمەڵگـە دەبـێ و شـەرعیەت دەدات بـە توندوتیژیـی، بەمـەش ئـەو کلتـورە تازەیـە کاریگـەری و لێکەوتـەی خراپـی دەبێـت بەتایبـەت لەسـەر خێـزان لـەڕووی تێکچونـی شـیرازە و هاوبەسـتی و سـەرهەڵدانی توندوتیژیـی لەنێـو ئەندامەکانیـدا.


الملخص:

العنـف موضـوع بالـغ الأهميـة في العلـوم الإنسـانية. قـام العديـد مـن الباحثـين بالتحقيـق في هـذه الظاهـرة منذ بدايـة علـم الاجتـماع. العنـف الأسري هـي ظاهـرة منتـشرة في مختلـف المجتمعـات وتحـدث في كل مجتمـع. لايوجـد مجتمـع ليـس لديـه هـذه الظاهـرة. حـاول علـماء الاجتـماع تحديـد أسـباب وجـود العنـف المنـزلي مـن خـلال أبحاثهـم، حيـث يعتقـد البعـض أن العنـف يحـدث لأسـباب سياسـية وثقافيـة واقتصاديـة واجتماعيـة، بمـا في ذلـك وسـائل الإعـلام والتقـدم التكنولوجـي. ولقـد حـاول الباحـث إبـراز أهـم النظريـات وعلـماء الاجتـماع الذيـن قدمـوا دورا كبـيرا في هـذا المجـال. وركـز هـذا البحـث عـلى سـتة وجهـات نظـر نظريـة حـول العنـف الأسري، بمـا في ذلـك نظريـة البنيـة الوظيفيـة، والتعليـم الاجتماعـي، والتفاعـل الرمـزي، والـصراع، والمنظـورات الاقتصاديـة والثقافيـة. حاولـت هـذه الدراسـة مـن الناحيـة النظريـة التعـرف عـلى أسـباب وعوامـل العنـف الأسري وتحليلهـا ومـن ثـم تقديـم النتائـج والاسـتنتاجات.


الكلمات المفتاحية: العنف الأسري-الأسرة-النظرية الاجتماعية.


:ABSTRACT

Violence is a critical topic in Human sciences. Numerous researchers have investigated the phenomena of violence since the beginning of sociology. Domestic violence is a widespread phenomenon in various societies, and it occurs in every society; there is no community that does not have this phenomenon. Sociologists have attempted to identify the reasons (causes) of having of domestic violence through their research, with some believing that violence happens for political, cultural, economic, and social reasons, including media and technological improvements. The researcher attempted to highlight the most prominent theories and sociologists who have made significant contributions to this field. This research focused on six theoretical perspectives on domestic violence, including functional structure theory, social education, symbolic interaction, conflict, economic, and cultural perspectives. Theoretically, this study attempted to identify the causes and factors of domestic violence and then .provide the findings and conclusions


.Keywords: domestic violence, family, social theory

سەرچاوەکان:

یەکەم. سەرچاوەی کوردی:

١. د. طاهر حەسۆ زێباری، تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢.

٢. مەعن خەلیل عومەر، کۆمەڵناسی خێزان، و. ئارام ئەمین جەلال، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٧.

٣. عوني القيصر و مليحه عبدالمنعم، سۆسیۆلۆژیای خێزان، و. سابیر بۆکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠٢.

دووەم. سەرچاوەی عەرەبی:

١. احمد زايد واخرون، الاسرة والطفولة، دراسات اجتماعية و انثروبولوجية، دار المعرفة الجامعية، مصر-الاسكندرية، ٢٠٠٢.

٢. ارفنج زايلتن، النظرية المعاصرة في العلم ألأجتماع، ت. محمد عودة واخرون، ذات السلاسل، كويت، ١٩٨٩.

٣. الين دمعة، التفكك العائلي بين القيم الثابتة والمتبدلة، مجلة إضافات، العدد٢، تونس، ٢٠٠٨.

٤. ايان كريب، النظرية الاجتماعية من بارسونز الى هابرماس، ترجمة د. محمد حسين غلوم، دار المعرفة، الكويت، ١٩٩٩.

٥. بنة بوزبون، العنف الاسرى و خصوصية الظاهرة البحرينية، المركز الوطني الدراسات، المنامة، ٢٠٠٤.

٦. جمال معتوق، مدخل الى سوسيولوجيا العنف، دار الكتاب الحديث، القاهرة، ٢٠١٢.

٧. سناء الخولي، الاسرة والحياة العائلية، ط٢، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠١٦.

٨. سهام وناسي، أن عنف ألآشكال والعوامل والنظريات المفسرة له، مجلة أفاق للعلوم، جامعة الجلفة، الجزائر، ٢٠١٧.

٩. طلعت إبراهيم لطفي، الأسرة ومشكلة العنف عند الشباب، جامعة الإمارات الغربية المتحدة، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، الامارات، ٢٠٠١.

١٠. حسن محمد حسن، العنف الأسري، دار المعرفة، القاهرة، ٢٠٠١.

١١. عدنان آبومصلح، معجم علم ألأجتماع، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٠.

١٢. ليلى عبدالوهاب، العنف الاسري (الجريمة العنف ضد المرأة)، دار المدى، دمشق، ١٩٩٤.

١٣. معن خليل عمر، نظريات معاصرة في علم الاجتماع، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٧.

١٤. مليكة الحاج يوسف، النظريات المفسرة لظاهرة العنف ضد المرأة، الجزائر، ٢٠١٣.

١٥. مليكة بن زيان، العنف والمقاربات النظرية المفسرة له، الجزائر، ٢٠٢٠.

سێیەم. سەرچاوەی بیانی:

١. John J. Macionis, Sociology, New Jersey, prentice – Hall, ٨ed, ٢٠٠١, p. ١٥-١٦.

٢. Jurgen Finstbusch, Compartment size estimation with double wave vector diffusion-weighted imaging, Magnetic Resonance in Medicine, volume ٦٠, Issue ١, ٢٠٠٨, P. ٨

٣. Rodney Stark, Sociology, Canada, Wadsworth, division of Thomson Learning, Inc, ٢٠٠١, p. ١١٥-١١٦.

٤. William C. Levin, Sociological Ideas Concepts and Applications, California, wadsworth, Inc, ٣ed,

١٩٩١, p. ٦٣.

٥. Hartmann, E. Violence: Constructing an Emerging Field of Sociology, international Journal of conflict and Violence, ٢٠١٧.

٦. kaufman. Peter. (٢٠١٤). Understanding Violence Sociologically, https://www.wverydayssociologyblog.com/٢٠١٤/understanding-violence-sociologically.html